# نامەیەك بۆ شارەزایانی زمانی كوردی

## نوسینی : تەیب جەبار

من ئەوەندە شارەزای بواری زمانەوانی نیم و خۆم بە زمان زان نازانم و پیشەكەم دوورە لە بواری زمانەوانیەوە , منیش وەك هەر تاكێكی كۆمەڵ رۆژانە زمان بەكاردێنم و دەیخوێنمەوە و دەیبیستم .قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم بە زمانی عەرەبی خوێندوە و قۆناغی زانكۆش بە زمانی ئینگلیزی .ئێستاش دەمەوێ لە سەر زمانی كوردی قسە بكەم و هیچیش لە بارەی رێزمانی زمانی كوردیەوە نازانم . بەلاًم دەتوانم بڵێم من زمان ناسم . لە خوارەوە هەندێ سەرنجی خۆم لە سەر زمانی كوردی دەردەبڕم كە رۆژانە لە بلاًوكراوەكاندا دەیانخوێنمەوە و لە رادیو و تەلەفزیۆنیشەوە دەیان بیستم . هیوادارم شارەزایان و پسپۆرانی زمانی كوردی رای خۆیان لە سەر بابەتەكە هەبێ.

لە گۆشەی ( روانین)ی پاشكۆی ئەدەب و هونەری ژمارە (2088) رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی (2000/3/2) رۆژنامەی كوردستانی نوێدا ,بەرێز كاك (پیرۆت) لە ژێر ناونیشانی ( لە پێناوی مشت ومڕدا ) چەند پێشنیارێكی گرنگی خستۆتە ڕوو سەبارەت بە پوختەكردن و دەوڵەمەندكردنی زمانی كوردی , هەروەها ساغ كردنەوەی وشە و زاراوە و بەڕاست بەكارهێنانیان . وا بۆ چوار ساڵ دەچێت نە نووسەرێ نە زمانزانێ نەهاتە وەلاًم و مشت ومڕ لە سەر پوختەكردنی زمانی كوردی گەرم بكات , یا هەندی وشە و زاراوە و رستەی ترمان بۆ راست بكاتەوە , و یاخود وەك پێشنیار بیخاتە روو , ویاخود پێشنیارەكانی كاك( پیرۆت) بە چاك یا بە خراپ هەڵسەنگێنێ . تاقە برایەك نەبێ كە ئەویش بەرێز كاك (دیلمان ئەحمەد)ە ,كە لە هەمان گۆشەی (روانین)ی پاشكۆی ئەدەب وهونەری ژمارە (2107)ی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی (2000/3/30) رۆژنامەی كوردستانی نوێدا ,چەندسەرنجێكی سەرپێیی لەسەر پێشنیارەكانی كاك (پیرۆت) دەربڕیوە .

من سەرەتا دێمە سەر پێشنیارەكانی كاك (پیرۆت ) پاشان سەرنجەكانی كاك ( دیلمان ئەحمەد),ئینجا نامەكەم بۆ شارەزایانی زمانی كوردی .

أپێشنیارەكانی كاك (پیرۆت).

1. من لەگەڵ تەواوی بۆچونەكانی كاك (پیرۆت)دام سەبارەت بە بەكارهێنانی وشەی (چەپ,راست....هتد)و مەبەستی باش پێكاوە ,خۆزگە نوسەر ورۆژنامەنوسان پەیرەویان دەكرد .
2. هەروەها لەگەڵیدام سەبارەت بە بەكارهێنانی وشەی (دیموكرات ,دیموكراسی ,سۆشیالیست ,سۆشیالیزم........هتد).
3. تاكو وشەی رەسەنی زمانی كوردی هەبێ پێویست ناكا ورەوا نیە وشەی فارسی ,عەربی یاخود وشەی زمانی تر بە كار بێنین كە ئێستا لای زۆربەی نوسەرە لاوەكان باوە و خەریكن زمانی كوردی دەشێوێنن.
4. من زۆر بە باشی دەزانم كە هەندێ وشە هەیە جیهانین و زۆربەی گەلانی دونیا بەكاری دەهێنن وەك وشەی رادیو ,تەلەفون ...هتد.

5. **بۆ ناوی شار و ولآت زۆربەی خەڵكی كورد چۆنی بە كاردەهێنن هەروا بنوسرێت ,بۆ نمونە (تاران )نەك (تهـــران)ی فارســـی و نـــە (طهـــران )ی عـــەرەبی .هندســـتان نـــەك هنـــد ,ئەســـتەموڵ نـــەك (اسطمبول)یا(استانبول),كرماشان نەك (كرمانشاه).**

**بأسەبارەت بە سەرنجەكانی كاك(دیلمان ),بەداخەوە هیچ زیادەیەكی بۆ پێشنیارەكانی كاك(پیرۆت )نەكردووە تاكو مشت ومڕ گەرم وبەردەوام بێت .كاك(پیرۆت)بۆ پێشەكی پێشنیارەكانی ناوی بەرێزان (نەوشیروان مستەفا,شێركۆ بێكەس , حسین عارف , محمد موكری )وەك كوردی زان هێناوە,كاك (دیلمان ) رەخنە لەوە دەگرێ كە ئەو بەرێزانە خۆیان بەدەست لاوازی و بێ توانایی زمانی كوردیەوە دەناڵێنن .منیش حەز دەكەم بە كاك (دیلمان )بڵێم كاكی برا كرۆكی باسەكەی كاك (پیرۆت) لە سەر كوردی زانی ئەو بەرێزانە نیە بەڵكو وەك نمونە ناوی هێناون ,خۆزگە جەنابت مشت ومڕت لە سەر كرۆكی باسەكە بكردایە كە پوختەكردنی زمانی كوردی و بەڕاست بەكارهێنانی وشە و زاراوە و رستەیە , نەك دوو لە سەر سێی نوسینەكەت لەسەر ئەو بەرێزانە بێت .**

***جأ ئینجا با بێینە سەر نامەكەی من بۆ شارەزایانی زمانی كوردی , وەك لە سەرەتاوە وتم من زمان زان نیم بەڵام ئەتوانم بڵێم زمان ناسم , بە پێی خویندنەوە و شارەزایی خۆم دەتوانم لە دروستی و نا دروستی بەكار هێنانی وشە و زاراوە ودارشتنی رستە لە یەك جیابكەمەوە .لەوانەیە زۆربەمان كاك (پیرۆت )بناسین , ئەو بەرێزە كابرایەكی سیاسەتمەدار و دیبلۆماتكارە چارەسەر وچارەنوسی كێشەی رەوای گەڵ و وڵاتەكەی خستوتە ئەستۆی خۆی , لە بێكەسی مشور خۆری كێشەی زمانی كوردی ئەویشی خستە ئەستۆی خۆی , بەڵام بە داخەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت نوسەرێك , شارەزایەك یاخود پسپۆرێك لە زمانی كوردیدا (كە زۆرن) خەمی مشت ومڕی بێ لەسەرپوختەكردنە زمانەكەمان نەهاتنە وەڵام .من لەسەر چوار تەوەر دەنوسم كە هەست دەكەم پشێوییەكی زۆری لە زمانی كوردیدا دروست كردووە .***

**یەكەم// كێشەی كۆ( جمع) لە زمانی كوردیدا .**
**دووەم // كێشەی هەڵەی باو لە زمانی كوردیدا .**
**سێیەم // كێشەی كوردانەدنی وشە لە زمانی كوردیدا .**
**چوارەم // كێشەی وەرگێرانی دەقا ودەق .**

**یەكەم// كێشەی كۆ( جمع) لە زمانی كوردیدا .**

**أ ئێمەی خوێندەوارو و رۆشنبیرانی كورد ,سەرچاوەی سەرەكی رۆشنبیریمان لە رێگای زمانی عەرەبی و فارسیەوەیە .ئەو كەسانەی زمانە بیانیەكانی تر سەرچاوەی رۆشنبیریانە كەمن .لە بەر ئەوە زمانی عەرەبی و فارسی كاری زۆر كردۆتە سەر زمانەكەمان بە تایبەتی لە رووی دارشتنی رستە و بە كارهێنانی وشە و زاراوە و گواستنەوەی خاسیەتەكانی ئەو دوو زمانە بۆ ناو زمانی كوردی .چونكە هەموو زمانێك لەوانەش زمانی كوردی كۆمەڵێ خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە .**

**ئەوەی من تێبینیم كردووە زمانی عەرەبی و فارسی زمانی (كۆ = جمع )ن و زمانی كوردیش زمانی (تاك =مفرد )ە واتە زمانی عەرەبی و فارسی لە دارشتنی رستە و بەكارهێنانی وشەدا زیاتر (كۆ ) بە**

کاردەهێنن  وزمانی کوردیش زیاتر (تاك) بەکار دەهێنیٚ .مامۆستا گۆران دەڵیٚ:

به ئاسمانەوە ,ئەستێرەم دیوە

له باخچەی بەهار ,گوڵم چنیوە

هــەموو رســتە و وشــەکانی ئــەو شــیعرە بــە تــاك بــەکارهێنراون ,کــە دەڵــیٚ( ئەســتێرەم دیــوە) واتــا (ئەستێرەکانم دیوە ),و کە دەڵیٚ (گوڵم چنیوە ) واتا (گوڵەکانم چنیوە ).ئەگەر بیوتایە :

بەئاسمانەوە , ئەستێرەکانم دیوە

له باخچەکانی بەهار ,گوڵەکانم چنیوە

کێش و ئیقاعی  شیعرەکە تێکدەچوو  وزمانەکەش ناڕێك دەردەچوو , کوردیش بەو زمانی( کۆ)یە قسەناکات و شیعری نەنوسیوە , بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی شاعیران بە هۆی کار تێکردنی زمانی عەرەبی و فارسیەوە ئەو شێوە دارشتنە (کۆ)یە بە کار دەهێنن کە یەکێکە لە  هۆکارەکانی تێکدانی زمانی کوردی و زمانی شیعرانە و دوور کەوتنەوەی خەڵك لە خوێندنەوەی شیعر .

بأ کاك شێرکۆ بێکەس دیوانێکی هەیە بە ناوی ( دەربەندی پەپولە ) ,کاك دڵشاد عبداللە دیوانێکی هەیە بە ناوی (پیاسەی پەپولەکان ),کاك قوبادی جەلی زادە شیعرێکی هەیە بە ناوی (شەڕی پەپولان ).ئەگەر ئەو سیٚ ناوە بگۆڕینە سەر زمانی عەرەبی بەم شێوەیە دەبێت :

دەربەندی پەپولە = مضیق الفراشات

پیاسەی پەپولەکان = نزهه الفراشات

شەڕی پەپولان = حرب الفراشات

له وەرگێڕانە عەرەبێکەدا سەیر دەکەین لە هەر سێکیاندا (الفراشات) بە کۆ بە کارهاتووە چونکە زمانی عەرەبی زمانی (کۆ)یە بەڵام لە کوردێکەدا وشەی پەپولە بە سیٚ جۆر بەکارهاتووە (پەپولە , پەپولەکان ,پەپولان ) ,ئایا کامیان راستە ؟ بە رای من ئەوەی کاك شێرکۆ راستە ,ئەوەی کاك دڵشاد هەڵەیە و ئەوەی کاك قوبادیش (مەقبول)ە , شەڕی پەپولان لە سەر کێشی گەڕەکی عارەبان نەك (گەڕەکی عارەبەکان ),یان گەڕەکی جولەکان  نەك( گەڕەکی جولەکەکان ) و بەم شێوەیەی خوارەوە :

دەربەندی پەپولە (راستە )= مضیق الفراشات (راستە )

پیاسەی پەپولەکان (هەڵەیە ) = نزهه الفراشات (راستە )

شەڕی پەپولان (مەقبولە ) = حرب الفراشات (راستە )

برای بەڕێز کاك ازاد بەرزنجی ناوی دیوانەکەی کاك  ( شێرکۆ)ی راست وەرگێڕاوە چونکە وشەی پەپولە لە دەربەندی پەپولەدا بە تاك بەکارهێنراوە , بەڵام کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە (کۆ) بە کاری هێناوە (مضیق الفراشات ) نەك (مضیق الفراشە ) چونکە ئەوە خاسیەتی زمانی عەرەبی یە . بەڵام لەم دوایی یە کاك شێرکۆ دیوانێکی چاپ کرد , نازانم بۆ ناوی نا ( گۆڕستانی چراکان ) نەك ( گۆڕستانی چرا ) چونکە گۆڕستانی چرا هەر ( مقبرە القنادیل )دەگەیەنیٚ .

جأئێمە دەبینین ناوی کولێژ لە زانکۆکاندا هەندێکی بە تاك و هەندێکی بە کۆ بە کار دیٚ بۆ نمونە :

کولێژی زمان (راستە ) = کلیە اللغات (راستە )

کولێژی زمانەکان (هەڵەیە ) = کلیە اللغات (راستە )

چونکە لە کوردیدا کە دەڵی کولیژی زمان مەبەست کولیژی هەموو زمانێك دەپێکیٚ پێویست بەوە ناکات بە شێوەی کۆ بە کاربهێنرێت ,بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کە دەڵیٚ ( کلیە اللغە ) پێویستە ناوی زمانەکە دیاری بکرێت لە بەر ئەوەی ئەوانیش مەبەستیان کولێژی هەموو زمانێکە نەك یەك زمان و بە پیٚی خاسیەتی زمانەکەیان دەبیٚ بە کۆ بە کاری بهێنن واتا (کلیە اللغات ) , هەروەها :

کولێژی زانست (راستە )= کلیە العلوم (راستە )... نەك زانستەکان

کولێژی هونەر ( راستە ) = کلیە الفنون ( راستە ) ...... نەك هونەرەکان

کولێژی ماف (راستە) = کلیە الحقوق ( راستە ) ............نەك مافەکان

کولێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان (هەڵەیە ) =کلیە العلوم الانسانیە (راستە )

من نازانم ناوی ئەو کولێژە بۆچی بە کۆ بە کار هاتووە , تەنانەت وشەی ( مرۆڤایەتی ) کوردی و ( الإنسانیە )ی عەرەبی وشەیەکی گشتگیر و (کۆ)یە و پێویست بەوە ناکات جارێکی دی کۆی بکەینەوە ,وشەی (مرۆڤایەتیەکان )بەلای منەوە وشەیەکی عەجیب و غەریبە .(مرۆڤایەتی = الانسانیە ) کەواتە (مرۆڤایەتیەکان = الانسانیات یاخود الانسانیات یاخود الانسانیتون ) کە لە زمانی عەرەبیشدا شتی وانیە

,بەرای من ناوی ئەو کولێژە وا بنوسرێت :

کولێژی زانستی مرۆڤایەتی (راستە )= کلیە العلوم الانسانیە (راستە )

بەرای من ناوی کولیژی ئاداب و کولیژی ئەندازیاری چاك بکرێت وای بەراستر ئەزانم کولیژی ئاداب بکریٚ کولیژی ئەدەب یان کولیژی ئەدەبیات کە هەرچەندە ئەسلی وشەی ئەدەب عەرەبیە و لە کوردیدا وشەی ئەدەب و ئەدەبیات لە نوسین و قسەکردندا باوە نەك ( ئاداب ) چونکە ئاداب وشەیەکی عەرەبی راستە و (جمع تکسیر )ی ئەدەبە .بۆ کولیژی ئەندازیاریش بەرای من ( ئەندازە = الهندسە ) , (ئەندازیار = مهندس ) , ( ئەندازیاری = مهندسی ) لە بەر ئەوە دارشتنی ( کولیژی ئەندازە ) بە راست دەزانم .

هەروەها :

مافی مرۆڤ (راستە ) = حقوق الانسان ( راستە ) ........... نەك مافەکانی مرۆڤ

مافی رەوای گەلی کورد ( راستە ) = الحقوق الشرعیە للشعب الکردی ( راستە ) .... نەك مافەکانی رەوای گەلی کورد.

تێبینی //

برای بەرێز کاك (ئەحمەد شەریف /ئەندامی پەرلەمان ) کە خۆی دەرچووی (کولێژی مافی زانکۆی بەغدا )یە لەم ساڵانەی دوایدا بەکالوریوس و ماستەری لە زمان و ئەدەبی کوردیدا وەرگرت وتارێکی لە رۆژنامەی کوردستانی نویٚ دا نوسیبوو ( ژمارە و رۆژەکەیم لە لا نیە) تیایدا دەڵیٚ :ئەبیٚ کولێژی ماف بکەین بە کولێژی مافەکان و مافی مرۆڤ بکەین بە مافەکانی مرۆڤ لە بەر ئەوەی لە عەرەبیدا وشەی حقوق لەو دوو ناوەدا بە کۆ بە کار هاتووە بە بیٚ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ تایبەتمەندێتی زمانی کوردی بکات کە خۆی بەکالوریوس وماستەری لە زمانی کوردیدا هەیە .

داٚ هەروەها بۆ بە کارهێنانی کۆ لە زمانی کوردیدا کورد کەمتر (کان ) وەك پاشگر بەکاردەهێنیٚ بۆ نمونە :

**سەنتەری گەنجان نەك سەنتەری گەنجەكان**

**یەكێتی لاوانی كوردستان نەك یەكێتی لاوەكانی كوردستان**

**گروپی مۆسیقای كامگاران نەك گروپی مۆسیقای كامگارەكان**

**گەرەكی صابونكەران نەك گەرەكی صابونكەرەكان**

**پاركی سەیارە نەك پاركی سەیارەكان**

**پاركی بۆق نەك پاركی بۆقەكان (لەگەڵ رێزم بۆ كاك ئاكۆ كەریم )**

**چەمكی ئەنسرۆپۆلۆجی نەك چەمكە ئەنسرۆپۆلۆجیەكان (لەگەڵ رێزم بۆ كاك شوان ئەحمەد ).**

**لە هەشتاكاندا برای بەرێز كاك (حسين عارف) وتارێكی لە رۆژنامەی هاوكاری‌دا نوسی لە سەر بەكارهێنانی ( كۆ ) و پاشگری ( كان ) لەسەر شیعری شاعیرانی لاو تەنانەت ئەوەندە زمانی كوردیان سەقەت كردووە ناویانی نابو شاعیرانی ( كان كان ) .**

**هەروەها لە بارەی ناوی دەزگای حیزبی و حكومی و ئەهلیەوە كۆمەڵی هەڵەی زەق و ناوی سەیر وسەمەرە تێبینی ئەكەم :**

**یەكەم //**

**مەكتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەكان ( هەڵەیە ) = مكتب العلاقات الوطنية (راستە )**

**مەكتەبی پەیوەندیەكانی دەرەوە ( هەڵەیە ) = مكتب العلاقات الخارجيه ( راستە )**

**بێگومان وشەی (نیشتمان )و ( دەرەوە) هەم سیفەن بۆ پەیوەندی و هەم ( شوێن = مكان )ن .بە پێی ئەو دوو دارشتنە هەڵەیەی سەرەوە بوایە , هەردوو ناوەكە دەبوایە وای لیٚ بهاتایە :**

**مەكتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەكان ( هەڵەیە )**

**مەكتەبی پەیوەندیە دەرەوەییەكان ( هەڵەیە )**

**یاخود**

**مەكتەبی پەیوەندیەكانی نیشتمانی (هەڵەیە )**

**مەكتەبی پەیوەندیەكانی دەرەوە (هەڵەیە )**

**وەك وتم لەبەر ئەوەی زمانی كوردی زمانی تاكە بە رای من وا بنوسرێت :**

**مەكتەبی پەیوەندی نیشتمانی ( راستە ) = مكتب العلاقات الوطنية ( راستە )**

**مەكتەبی پەیوەندی دەرەوە ( راستە ) = مكتب العلاقات الخارجيه ( راستە )**

**من زۆرم پیٚ خۆش بوو كاتیٚ كە حكومەتی هەرێم ( ئیدارەی سلێمانی ) كە ناوی وەزارەتی هاوكاری و یارمەتی مرۆڤایەتی گۆڕی بۆ وەزارەتی پەیوەندی و هاوكاری نەیان نوسی وەزارەتی پەیوەندیەكان و هاوكاری چونكە ناوی وەزارەتەكە بە عەرەبی ( وزاره العلاقات و التعاون ) زۆر سوپاسی ئەو كەسە دەكەم كە ناوی ئەو وەزارەتەی بە كوردیەكی راست و رەوان دانا .هەرچەندە من تێبینم لەسەر ناوی وەزارەتی هاوكاری و یارمەتی مرۆڤایەتی هەیە .**

**وەزارەتی هاوكاری و یارمەتی مرۆڤایەتی گەر وەریگێڕینە سەر زمانی عەرەبی وا دەردەچێت**

**( وزاره التضامن ومساعده الانسانيه ) بەرای من ناوی ئەو وەزارەتە بکرێتە :**

**( وەزارەتی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤانە ) چونکە مەبەست لە ناوەکە یارمەتی (انسانی)یە = (مرۆڤانە ) نەک یارمەتیدانی (الانسانیه = مرۆڤایەتی )**

**دووەم //**

**کۆمپانیای ئاسیا بۆ پەیوەندیە جیهانیەکان (هەڵەیە)= شرکه اسیا للاتصالات العالمیه(راسته )**

**بەرای من وا بنوسرێت :**

**کۆمپانیای ئاسیا بۆ پەیوەندی جیهانی ( راستە ) = شرکه اسیا للاتصالات العالمیه(راسته )**

**هەروەها**

**کێشەی جیهانی( راستە ) = مشاکل عالمیه ( راستە )**

**کێشە جیهانیەکان( هەڵەیە) =مشاکل عالمیات ( هەڵەیە )**

**کێشەکانی جیهان ( راستە ) = مشاکل العالم ( راستە )**

**وشەی (جیهان)ی کوردی و (عالم )ی عەرەبی وشەیەکی کۆ و گشتگیرن پێویست ناکات لە بەکارهێناندا جارێکی تر کۆ بکرێنەوە بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا و من وای بە راست دەزانم بۆ ئەوەی بە کۆ دەربپڕێت وشەی (گشت ,هەموو,زۆر,زۆربە .............. هتد ) وەك پێشگر و پاشگر بەکار بهێنرێن**

**وەك :**

**گشت کێشەکانی جیهان**

**هەموو کێشەی جیهانی**

**زۆربەی کێشەکانی جیهان**

**کێشەکانی جیهان ئەوەندە زۆرن**

**کێشەی جیهانی زۆرە**

**وشەی (جیهانیەکان = العالمیات ) بە لای منەوە وشەیەکی سەیر و سەمەرەیە و نامۆیە بە زمانی کوردی**

**سێیەم//**

**زۆر جار ئەم رستەیە دەخوێنمەوە وگوێم لێ دەبێ**

**( شەر و پێکادان لە ناوچە فەلستینیەکاندا )**

**( شەر و پێکادان لە ناوچە فەلستینیەکاندا (هەڵەیە)= قتال و مصادمات فی المناطق الفلسطینیة (راستە)**

**ئەمە ریك وەکو ئەوە وایە بڵێیٚ:**

**شەر و پێکادان لە ناوچە کوردستانیەکاندا ( هەڵەیە )**

**شەر و پێکادان لە ناوچە گەرمیانێکاندا( هەڵەیە )**

**شەر و پێکادان لە ناوچە سلێمانێکاندا( هەڵەیە )**

**شەر و پێکادان لە ناوچە کەرکوکیەکاندا( هەڵەیە )**

**بەرای من بنوسرێت :**

شەر و پێکادان لە ناوچەکانی فەلەستیندا (راستە )
شەر و پێکادان لە ناوچەکانی کوردستاندا(راستە )
شەر و پێکادان لە ناوچەکانی گەرمیاندا(راستە )
شەر و پێکادان لە ناوچەکانی سلێمانیدا(راستە )
شەر و پێکادان لە ناوچەکانی کەرکوکدا(راستە )

چونکە بۆ زمانی عەرەبی راستە بوترێت ( المناطق الفلسطينية , المناطق الكوردستانية , المناطق الكرميانية ) بەلآم بۆ زمانی کوردی راست نیيە بلێن ( ناوچە فەلْستینیەکان , ناوچە کوردستانیەکان , ناوچە گەرمیانیکان ) بەلْکو دەبێ بلێن ( ناوچەکانی فەلەستین , ناوچەکانی کوردستان , ناوچەکانی گەرمیان ) , تەنانەت بە کارهێنانی زاراوەی ( حیزبە کوردستانیەکان , بزوتنەوەی شیوعیە کوردستانیەکان ) بە رای من هەلەیە و پێویستە بنوسرێ ( حیزبەکانی کوردستان , بزوتنەوەی شیوعیەکانی کوردستان ) . یاخود زۆر جار دەنوسرێت (حیزبە کوردیەکان لە عیراق ) بەرای من بنوسرێت ( حیزبی کوردی لە عیراق ) بە تاك بەکاربهێنرێ نەك بە کۆ ,ئەگەر زاراوەی (حیزبە کوردستانیەکان ) لە عەرەبیدا بەرامبەرەکەی ( الاحزاب الكوردستانيه ) بێت و لە عەرەبیدا دوو دارشتن ئەتوانین بەکار بهێنین ( الاحزاب الكوردستانيه ) یاخود ( احزاب كوردستان ), بەلآم مەرج نیە لە کوردیدا هەردوو دارشتنەکە هەبێت و تەنها دارشتنی (حیزبەکانی کوردستان ) بە راست دەزانم و دارشتنی (حیزبە کوردستانیەکان ) نامۆیە بە زمانی کوردی .

بەشی دووەم // هەلەی باو لە زمانی کوردیدا

زۆر جار چ بە نوسین و چ بە قسە کردن دەبینم دەلێن :

ئازاد دایکی ئەلْمانی یە

ئازاد دایکی روسی یە

بەلآم نالێن :

ئازاد دایکی کوردیە

ئازاد دایکی عەرەبیە

بەلْکو دەلێن :

ئازاد دایکی کوردە

ئازاد دایکی عەرەبە

چونکە کورد وا قسە دەکات لە بەر ئەوە راست وایە بلێین :

ئازاد دایکی ئەلْمانە

ئازاد دایکی روسە

- کورد دەلێ :

ئازاد دایکی فارسە ............. نەك فارسیە

ئازاد دایکی ئیرانیە ............. نەك ئیرانە

لەبەر ئەوەی فارس نەتەوەیە ( قەوم ) و ئیران ولاٌتە ( شویٌن = مکان )

کەواتە بوٌ نەتەوە , خیٌلٌ ( ئەلٌمان , کورد , فارس , عەرەب , روس ....... هتد ) یەك بزویٌن (..یە) زیاد دەکریٌت بەلاٌم بوٌ ولاٌت ( ئیران , عیراق , لوبنان , مصر , تونس , بەرازیل , کەندا......... هتد ) پاشگری (...ییە ) زیاد دەکریٌت

- کورد دەلٌیٌ :

ئازاد دایکی بلٌباسە ............. نالٌیٌت بلٌباسیە

ئازاد دایکی پیٌنجوینیە .........نالٌیٌت پیٌنجویٌنە

چونکە بلٌباس ( خیٌل , نەتەوە) یە و پیٌنجوینیش شارە ( ولاٌت)ە ( شویٌن = مکان )

- کورد دەلٌیٌ :

گولٌە پایزە ,گولٌە زستانە , گولٌە بەهارە , گولٌە هاوینە

نالٌیٌ:

گولٌی پایزی , گولٌی زستانی , گولٌی بەهاری , گولٌی هاوینی

بەلاٌم ئیٌستا زوٌربەی نوسەر و شاعیرەکانمان تیٌکرا دەنوسن گولٌیٌکی پایزی , گولٌی بەهاری , گەشتیٌکی هاوینی ئەمەش وەرگیرانیٌکی دەقا و دەقی زاراوە و وشە عەرەبییەکەیە : ( وردە خریفیە , زهرە ربیعیە , سفرە صیفیە ).

- کورد دەلٌیٌ :

زمانی پیاوانە , زمانی ژنانە , زمانی مەردانە , زمانی شیعرانە

بەلاٌم نالٌیٌت :

زمانی پیاوی , زمانی ژنی , زمانی مەردی , زمانی شیعری

لە بەر ئەوە( زمانی شیعری ) هەلٌەیە و پیٌویستە بوتریٌت (زمانی شیعرانە ) چونکە زمانی شیعری وەرگیٌرانیٌکی دەقا و دەقی ( اللغە الشعریە )ی عەرەبیە

- کورد دەلٌیٌ :

هەلٌویٌستیٌکی کوردانە ,دەنگیٌکی نیٌرانە , هەلٌمەتیٌکی بویٌرانە , دیمەنیٌکی شاعیرانە

*بەلاٌم نالٌیٌ :

هەلٌویٌستیٌکی کوردی , دەنگیٌکی نیٌری , هەلٌمەتیٌکی بویٌری , دیمەنیٌکی شاعیری

لەبەر ئەوە (دیمەنیٌکی شاعیری ) هەلٌەیە و وەرگیرانیٌکی دەقا و دەقی ( منظر شاعری ) زمانی عەربیە

- چەند گوٌڤاریٌك هەیە سیٌ مانگ جاریٌك دەردەچیٌ لەسەری نوسراوە گوٌڤاریٌکی وەرزیە یاخود وەرزە گوٌڤار بەلاٌم کورد دەلٌیٌ:

رۆژانە ,حەفتانە , مانگانە , وەرزانە , سالاٌنە

وەکو :

رۆژنامەیەکی رۆژانە , رۆژنامەیەکی حەفتانە , گوٌڤاریٌگی مانگانە , گوٌڤاریٌکی وەرزانە , گوٌڤاریٌکی

سالأنە , بەلاّ من نازانم بۆچی نوسەرانی کورد (رۆژانە وحەفتانە و مانگانە و سالأنە) بەکوردیەکی راست و رەوان بەکار دەهێنن بەلأم بۆ (وەرزانە ) زمانەکە تێك دەدەن و دەنوسن گۆڤارێکی وەرزیە کە وەرگێڕانی دەقا و دەقی (مجلە فصلیە)یەی زمانی عەرەبیە و زمانە کوردیە راست ورەوانەکە نانوسن کە گۆڤارێکی وەرزانەیە.

***سێیەم //کوردانندنی وشە لەزمانی کوردیدا***

بەرای من هەندی وشە هەیە لە ناو زمانی کوردیدا رۆژانە بەکاری دەهێنین , لە زمانی ترەوە وەرمانگرتووە پێویست ناکات دەست بەرداری بین و بیکوردینین , چونکە ئێمە هەندی دەست کاریمان کردووە کە دوور دەکەوێتەوە لە زمانە رەسەنەکەی خۆی وەك ئەمانەی خوارەوە :

(سەعات) کە بەرامبەر ( ساعە)ی عەرەبیە پێویست ناکات وشەی نارێکی وەك ( کاتژمێر , دەمژمێر) بەکار بهێنن

(شایەت ) کە بەرامبەر (شاهد) ی عەرەبیە و باوە لە دەمی هەموو خەڵکدا وکەسیش وشەی( گەواه) بەکار ناهێنیٚ و تەنانەت لە نوسینیشدا زۆر کەم .

( کارەسات ) کە بەرامبەر (کارثة )ی عەرەبیيە

(مروەت ) کە بەرامبەر ( مرؤة )ی عەرەبیيە

( هەق ) کە بەرامبەر ( حق )ی عەرەبیيە

(کتێب ) کە بەرامبەر ( کتاب ) ی عەرەبیيە

(سەقەت ) کە لە وشەی (ساقط ) ی عەرەبییەوە کوردینراوە.

( خزمەت ) کە بەرامبەر ( خدمە ) ی عەرەبیيە

( خزمەتگوزاری ) کە بەرامبەر ( خدمیە , خدمات ) ی عەرەبیيە .................. هتد .

***چوارەم // وەرگیرانی دەقا و دەق***

زۆر جار دەبینم لە وەرگێڕانی ناوی هەندی دام و دەزگادا دەقا و دەق وەریدەگێڕن و شتێکی سەیر و سەمەرە و نامۆ بە زمانی کوردی دەردەچێت ,بۆ نمونە :

أ/ ( القسم الداخلی ) کراوە بە ( بەشی ناوخۆیی ) ئەمە زاراوەیەکی نامۆیە بە زمانی کوردی . تۆ ئەگەر بەکابرایەکی خەڵکی لادیٚ بڵێی کورەکەت بنێرە زانکۆ لەویٚ(بەشی ناوخۆیی ) هەیە , کابرا تیٚ ناگات و نازانی بەشی ناوخۆیی چیيە ! ,چونکە قەت شتی وای نەبیستووە و بەکاری نەهێناوە , لەوانەیە وا بزانیٚ ( بەشی ناوخۆیی ) خواردنە , ناو سك , سی و جگەرە . یاخود کتێبە , یاخود جۆرێکە لە ئۆتومبێل . من نازانم عەرەب بۆچی ( القسم الداخلی ) یان بە کارهێناوە , خۆ جاران ( دار الطلبة ) ش هەبوو , ئێمەش دەتوانین ناوی بیناکە بە ناوی وەزیفەکەیەوە بنێین و بڵێین ( خانوی خوێندکاران , خانەی خوێندکار یاخود ماڵی قوتابیان ) ئیتر واز لە زاراوەی ( بەشی ناوخۆیی ) نە شیاو و نامۆ بە زمانی کوردی بهێنین .

ب/ ( یەکەی لیژنە پزیشکیەکان ) کە وەرگێڕانی دەقا و دەقی ( وحدە اللجان الطبیة )یە , جاریٚ من هەر زۆر رقم لە وشەی ( یەکە ) یە , کە بەرامبەر ( وحدە )ی عەرەبیە , ئیتر ( وحدە عسکریە , وحدە طبیة , وحدە عددیە , وحدە وزنیە .......... هتد ) , چونکە ئەو وشەی (وحدە ) عەرەبیە مەرج نیە رێك و دەقا و دەق وەریگێڕیتە سەر زمانی کوردی و بۆ هەموو بابەتێك وشەی ( یەکە ) بە کاربهێنین .وشەی (یەکە) وشەیەکی

نامۆیە بە زمانی کوردی  و من قەت لە نوسینی کۆنی  کوردیدا نەمبینیوە و کەسیش ڕۆژانە بە کاری ناهێنیٚ بەڕای من ئەو ناوە وای لیٚ بێت (بەڕێوەبەرێتی لیژنەی پزیشکی ) یاخود ( خانەی لیژنەی پزیشکی ) کە بە عەرەبی دەبێتە ( مدیریە اللجان الطبیة ) یاخود ( دار اللجان الطبیة ) .

ج/  ( الادارە المحلیە ) کە کراوە بە ( کارگێڕی خۆجیٚیەتی ) , من پرسیار ئەکەم لەوەتی کورد دروست بووە وشەی (خۆجیٚیەتی ) بەکارهێناوە یان نا ؟

ئەوەی من بزانم (الادارە المحلیە ) بەشی ئەندازەیە لە ناو ئیدارەی پارێزگا , بەرای من بیکەنە  ( بەشی ئەندازەی پارێزگا یاخود بەڕێوەبەرێتی ئەندازە ) , ئیتر ئەم وشە سەقەتەی  ( خۆجیٚیەتی  ) پێویست ناکات .

د/ ( الوکیل الوحید فی کردستان = تەنها وەکیل لە کوردستاندا ) وشەی بریکار دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (1992) هاتە ئاراوە بۆ ( وکیل الوزارە = جێگری وەزارەت , بریکاری وەزارەت ) بەکارهێنراو وبەردەوامیش بەکار دەهێنرێت , و ئەو وشەیە بۆ ئەو مەبەستە شیاوە, بەلاٚم بۆ ئەو رستەیەی سەرەوە ئەم بریکارە بەرامبەر بەو وەکیلە نایەت , بەرای من بنوسرێت ( تاك نمایندە لە کوردستاندا ) , یاخود ( تەنها نوێنەر لە کوردستاندا) .

راستە و من لەگەڵ ئەوە دام هەموو زمانێکی زیندوو بەردەوام وشەی تازەی تیا دەزیٚ و بە پیٚ ی پێویستی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا , بەلاٚم نەك بە شێوەی سەقەت  و وشەی نامۆ , هەر لەم ساڵانەی دواییدا چەندین وشەی تازە هاتۆتە ناو زمانی کوردیەوە و زۆر راست و رێك و پێکن بۆ نموونە :

(دانوسان = مفاوضات )

(شاند = وفد )

( فەرمی = رسمی )...................... هتد

من پێشنیار دەکەم ئەنجومەنی شارەوانی شار و شارۆچکەکان لیژنەیەکی شارەزایانی  زمانی کوردیان هەبێت بۆ ئەوەی ناوی دەزگای حیزبی و حکومی و ئەهلی و ناوی دوکان و بازار و شوێن پاك بژێر بکەن و راستی بکەنەوە و نەیەلن ناوی سەقەت لەمەودوا دابنرێت و زمانی کوردی  نەشێوێنرێت .

من تێبینی ترم زۆر هەیە , بەلاٚم لێرەدا دێمە کۆتای بابەتەکەم هیوادارم شارەزایان و پسپۆرانی زمانی کوردی بە دڵێکی فراوانەوە لێم وەربگرن و نەڵێن کابرایەکی ئەندازیار چی هەقی بە سەر زمانەوە هەیە و لێمان ناگەڕیٚ و داواکارم سەرنج و تێبینی خۆیان لە سەر را و بۆچونەکانم هەبێت و مشت و مڕ لە سەر پۆختە کردنی زمانی کوردی گەرم بکەین .

- لەژمارە  (391/ 3407) ڕۆژی (2004/7/1) دا , لە پاشکۆی ( ئەدەب و هونەری ) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاٚو بوەتەوە .